# كام سوودەتان بە "مەسەلە كورد" و كێشەی ژنان گەیاندووە؟!



**جمال محسن**
2005/01/18
jamal_muhsin@yahoo.com

لە دیمانەیەكدا كە مهاباد قەرەداغی لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی ئەنجامی داوە وە لەماڵپەڕی كوردستان نێتدا لە ڕۆژی 2005/01/15 دا بڵاوبۆتەوە، چەند مەسەلەیەكی گرنگ لە پەیوەند بە "هەڵبژاردن" لە عێراق و كوردستان و مەسەلەی ژن هێنراوەتە گۆڕێ كە نابێت بهێڵین بەسەریدا گوزەر بكرێت. سەرەتا لەپەیوەند بە "مەسەلەی كورد" و هەڵبژاردنەوە دەست پێ ئەكەم.
لە وەڵام بە پرسیارێكی مهاباددا سەبارەت بە دوو ملیۆن ئیمزای خەڵكی كوردستان بۆ ڕیفراندۆم، نێچیرەڤان ئەڵێ: ..." ... یەكێتی و پارتی و حزبە كوردستانی‌یەكانی دیكەش بەشدارین لە پشتیوانی ڕیفراندۆم. بەلای ئێمەوە بەشداربوون لە هەڵبژاردن پێچەوانەی ڕیفراندۆم نی‌یە. بەڵكو دەتوانین و دەبێ هەوڵبدەین لە دەستوری هەمیشەیی ئایندەی عێراقدا ئەم مافە بۆ خەڵكی كوردستان بچەسپێنین كە ئازادی‌یەو ماڤ چارەی خۆنووسینی هەیەو......پێمان باشە خەڵكی كوردستان هەمیشە حازرو ئامادە بن لە كۆڕی ژیانی سیاسی ئەمڕۆداو داخوازی‌یە ڕەواكانیان ئازادانە دەربڕن. ئێمەش لە ئەنجامدا بە ئیرادە و خواستی میللەتەكەمان كارو بارە بەڕێوە دەبەین. لە ئامانجە ڕەواكانیان دوور ناكەوینەوەو بە جێ نامێنین. بەڵكو شانبەشانیان دەڕۆین" (http://kurdistannet.org/1-2005/kurdistan/15-1/gftugo.pdf ). چەندێك فریوكارانەیە! ئەوان كاتێك شتێكیان دروست كرد بە ناوی "بزووتنەوەی ڕیفراندۆم" ەوە بۆ ئەوە نەبوو پرس بە خەڵك بكەن كە ئەیانەوێ چ بڕیارێك لەسەر ئایندەو چارەنووسیان بدەن. بۆ ئەوەیان نەبوو بگەڕێنەوە بۆ ڕاو ئیرادەی خەڵكو بە پێی وویستی ئەوان بجوڵێنەوە. ئێمە هەر لە سەرەتای كارەكانیانەوە ئەو هوشداری‌یەمان دا بە خەڵكی كوردستان و پەردەمان لە ڕووی ئامانجەكانی پشتی ئەو پرۆژەیە هەڵماڵی. ووتمان ئەوە وەرگرتنی ڕای خەڵك نی‌یە بۆ دیاری كردنی چارەنووسی خۆیان، ووتمان ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە كە جێگەو ڕێگەی خۆیانی لە مەركەز پێ بەهێز بكەن، وە ئەیكەن بە قوڕگی فیدرالیزمی قەومی و ئیداریدا كە ئەمەش یانی ڕاگرتنی خەڵكی عێراق لەبەرامبەر یەكتردا لەژێر

ناوی قەومو تایفەی جیاجیادا.... بە داخەوە کە خەڵکێکی زۆر، کە لە بنەڕەتدا دڵیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لێ ئەدات، کەوتنە ئەو داوەی ئەوانو ئیمزاکانیشیان بۆ شوێنێکی تر برا! ئەگەر ئەوان پشتیوانی ڕیفراندۆمیان کردووەو ئەیکەن، بۆچی ئەو ئیمزایانەیان بردە بەر بارەگاکانی برا شۆڤینیی‌یە عەرەبەکانیان بۆ ئەوەی سەهمی زیاتریان پێ بدەنو کورسی‌یەکانی حوکمی خۆیانی پێ زیاد بکەن؟ بۆچی بە ناوێکی ترەوە کۆیان کردەوەو لەولاشەوە بۆ ئەم مەرامەی خۆیان بەکاریان هێنا؟! ئەمەیە ڕێزگرتن لە ئیرادەو وویستی خەڵک؟! ئەمەیە پشتیوانی؟! بە ڕاستی بڵێی تێڕوانینێکی زۆری بوێت تا ئەم حەقیقەتە ببینرێت؟! گەر ئەوان بڕوایان بە ڕیفراندۆم وەك ڕێگایەك بۆ گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك هەیە بۆ لێ ناگەڕێن خەڵك بڕیاری خۆی بدات؟ دوو ملیۆن کەس شتێکی تریان ووت کە بە تەواوەتی جیاواز بوو لەوەی نێچیرەڤانو حزبەکەیو بزووتنەوەی کوردایەتی خەریکین. هیچ ڕێزێك بۆ ئەو خەڵکە قایل نەبوون،و بە پەرلەمانەکەیان کە خۆشیان باوەڕیان بە شەرعیەتی نەماوە بڕیاری ئەوەیان دا کە ئەبێ "کورد" بەشداری "هەڵبژاردن" بکات. ئەمە ئەو پێچەوانێتی‌یەیە کە نێچیرەڤان چەندێکیش خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکەوە ناتوانێت وەڵامی بداتەوە. ئەمە فریوکاری‌یەکە کە بەداخەوە باجەکەی مانەوەی خەڵکە لە ژێردەستەیی وچەوسانەوە و بێ ئیرادەییدا.

هەر لە قسەکانیدا، ئەو "هەڵبژاردن"و ڕیفراندۆم بە تەواوکەری یەك دائەنێت. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە گەر پێش بەم خواستەی خەڵك بگیرێت بۆ بەرپاکردنی ڕیفراندۆمو سەرئەنجام "هەڵبژاردن" سەربگرێت، ئەمە بە کردەوە یانی بە زۆر لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە. ئیتر ئەمەش هیچ جێگاو ڕێگایەك بۆ ڕیفراندۆم ناهێڵێتەوە. کە پێشتر پرس بە خەڵك نەکرێ ئەصلەن ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی مەرکەز یان نا، ئیتر دواتر ڕیفراندۆم بۆچی‌یە؟و یانی چی؟ تۆ خۆت بڕیارت بۆ خەڵك داوە کە ئەبێ بەشداری ئەو یاری "هەڵبژاردن"ەی تۆ بکەن. ئیتر ئەو گاڵتەجاڕی‌یە چی‌یە کە گوایە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو مافەدا ئەبن لە دەستووری عێراقی ئایندەدا؟ تۆ خۆت ڕێزت لەو خەڵکەو ڕاکانیان نەگرتووە، سبەینێ شۆڤینیزمی عەرەبی قەناعەت پێ ئەکەیت کە دان بەو مافەدا بنێن؟! ئەوە لە لایەك هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە بەوەی کە خواستەکانیان یەك ئەگرێتەوە لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی ئەمان خەریکین،و لە لایەکی تریشەوە بەخەڵك ئەڵێ ئەو خواستو ئیرادەیەتان بپێچنەوەو خۆتان تەسلیم بە ئێمە بکەنەوەو بۆ چەندین ساڵی تر حوکمی خۆمانتان بەسەردا ئەسەپێنین. بۆیە هەروەك ئێمە کۆمۆنیستە کرێکاریی‌یەکان ئەڵێین ئەمە نە هەڵبژاردنەو نە هیچ، فریودانە، گاڵتەکردنە بەخەڵك، ژێرپێ خستنی ئیرادی خەڵكو وورد و خاشکردنی وویستەکانیانە.

پاشان ئەوە چ ئامادەبوونێکی خەڵکە لە بواری سیاسیدا؟ ئەو ئەیەوێ خەڵك هیچ نەڵێن، و خۆ گەر هەر ووتیشیان وای بڵێن کە بچێتەوە گیرفانی ئەوان. با خەڵك ئیمزا کۆبکاتەوە، با خەڵك گەر وویستی بێنە سەرجادەکان، بەڵام بۆ ئەوە بێن کە جێگەو ڕێگەی ئەوان بەهێزبکەن، لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەی ئەواندا بێن، وە بەشی خێڵی ئەوانو سەرانی سەربە ئەوان لای حکومەتەکەی عەلاویو یاوەر زیاد بکات. ئەوەی کە چەند ساڵە لە کوردستان ئەیکەن، هێشتا بەدەردیان ناخواتو هەڵپەی زیاتریانە. ئەوان 13 ساڵە پارەو پولی خەڵك لووش ئەدەن. ئەمە بەبەرچاوی خەڵکی کوردستانو دنیاوە ئەکەن. دیارە ژیانی ڕۆژانەو واقعی خەڵك لەم چەند ساڵەدا گەواهی ئەو ڕاستی‌یەن. تەنانەت خۆشیان لەبەرامبەر دزی

یەکتریدا بێدەنگەیان بۆناکرێ. (بڕواننە نامەکەی نەوشیروان و کۆسرەت و عمری سەید علی، وە سایتی ڕیفۆرمبۆ و سایتی فاینەنشیەڵ تایمزی لەندەنی کە چۆن باس لە دزینی بڕی 1.4 بلیۆن دۆلار ئەکات لە لایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە http://www.reformbo.org/ ، World News:Kurds try to invest 14 tons of cash by Thomas Catan in London, Financial Times, Dec,10,2004 http://news.ft.com/comment/editorial ). ئەوەی ئەمانە خەریکین بێجگە لە وەرگرتنەوەی پەنجە مۆری خەڵك بۆ دەسەڵاتی دژی خەڵکی و بۆ ڕەسمیەتدانەوە بە دزینی داهات و پارە و پولی خەڵك، هیچی تر نییە. ئایا ئامانج و ئیرادەی خەڵك بۆ دزینی پارووی دەمی منداڵەکانی خۆیانە؟! ئایا بە ڕاستی ئەوە شان بە شان ڕۆیشتنی ئەوانە لەگەڵ خەڵك؟! ئەوانە هەر خەریکی بازرگانی بوون بەخەڵك و ژیانیان و "مەسەلەی کورد". ئێستاش وا دیسان خەریکی دووبارە کردنەوەی ئەم سیناریۆیەن. ئەوان ئەهلی چارەکردنی "مەسەلەی کورد" نەبوون و نین. هەربۆیە نابێ ئەو منەتەیان قبوڵ بکرێت وە هیچ جۆرە خۆشخەیاڵییەك لەبارەی قسەکانیانەوە ببێت. ئەگەر خودی مهاباد قەرەداغی کەوتۆتە ئەو داوەوە و ئەم تەصویرەش ئەدات بەدەستەوە بۆ خەڵك، ئەبێ باش بزانێت کە ئەچێتە پاڵ ئەو تاوانە گەورەیەی ئەو حزبانە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و ئایندەکەیان ئەیکەن!

مەسەلەیەکی زۆر گرنگترو حەیاتی کە لەو گفت و گۆیەدا هاتووە کێشەی ژنان و مافەکانیانە. با لەوێوە دەست پێ بکەین کە مهاباد ئەڵێ: "...یەکێك لە هەرە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، حزبەکانی ئێمە، حکومەتی ئێمە لە ماوەی دوای ڕاپەڕین و حوکمی خۆماڵیدا پەراوێزخستن و پەراوێزبوونی ژنان بووە لە نزیکەی هەموو بوارەکاندا. چ ئامادەکارییەك، چ بەرنامەیەك و پەروەردەکارییەك کراوە بۆ ئەوەی حیزبەکان و حکومەت و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای کورد لەم کەموکوڕییە نامەدەنییە ڕزگاربکرێن و چیتر دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و هاوشێوەکانی تەنها بانگەشە نەبن و لەسەر زەمینی واقیعی کوردستاندا پیادەبکرێن؟ بەڕێزتان وەك سیاسەتمەدارێك و سەرۆکی حکومەت، کە ئاماژەی نوێخوازی لە هەڵویستەکانتان دەردەکەوێ، چۆن دەڕواننە ئەم پرسە گرنگە؟" پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامەکەی نێچیرەڤان ئەمەوێ ئەوە بڵێم کەمهاباد ئەو خۆشخەیاڵییە بەسەر ژناندا پەخش ئەکاتەوە کە نێچیرەڤان بە پاڵەوانی هاتنەدی مافەکانی ژنان و نوێخوازی دابنێ و بەرگی مۆدێرنیزم و مافەکانی ژنان ئەکاتە بەر کەسێك کە نوێنەرو پارێزەری دواکەوتووترین و عەشائیرترین و کۆنەپەرستانەترین و پیاوسالارانەترین دەسەڵات بووە لەماوەی دەیەی ڕابردووی کوردستاندا. ئایا بەڕاستی دەسەڵاتەکەی نێچیرەڤان نوێخواز و پارێزەری مافەکانی ژنان بووە؟! کێ هەیە باوەڕ بەو قسە و ئیدعا پووچە بکات؟! بەڵام باشتر وایە مهاباد ئەوە بزانێت کە ژنان نەك هیچ بڕوایەکیان بەوە نییە، بگرە لەدژی ئەوە هاواریان لێ بەرزبۆتەوە و بەدەنگ هاتوون. پێویست ئەکات بەڵگەی لەوە زیاتر بهێنرێتەوە کە ڕێژەی کوژران و خۆسووتاندنی ژنان لەم چەند ساڵەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا لە ڕێژەی قوربانیانی هەڵەبجە زیاترن؟! کێ بووە و کێیە دیفاع لە بیانووی ناموسی ئەکات بۆ ئەو هەموو کوشتارە؟! مەگەر دوای ئەوەی بەعسیش لە کوردستان نەما، هەر بەهەمان یاسای (غسل العار) مامەڵە لەگەڵ ژناندا نەکرا؟ بۆچی تا ئەو دیوارە لە لاشەی ژنان نەخرایە سەریەك، جەنابیان ئەو بەندەیان هەڵنەوەشاندەوە؟ ئەکرێ ئێستا قبوڵمان بێ نێچیرەڤان منەتی ئەوەمان بەسەردا بکات کە ئەو بەندەی هەموار کردووە و لایبردووە؟ لە پاش چی؟ ئەی مهاباد، تۆ و نێچیرڤان، سەبارەت بەو

تاوانە گەورەیەی کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە هەولێر بەرامبەر بە (هەورە علی خدر) ئەنجامدراوەو گۆشتی قاچی بە پلایس لێ کراوەتەوە، چی ئەڵێن؟ (http://bopeshawa.com/pdf/haurabatrsnaktrinshewaazardra.pdf) هەر ئێستا سەدان نموونەی لەم بابەتە نی‌یە لە کوردستانی ژێر حوکمە عەشیرەیی‌یەکەی ئەواندا؟! بە ڕاستی ژنان، بەتایبەت لەو ناوچەیەی ژێر حوکمی نێچیرەڤاندا، لە زیندانی دیوارەکانی ماڵەکانیان توووند نەکراون؟! هێشتاش ئەوە بە ژنان ئەفرۆشن کە خۆیان هەوڵ نادەن؟ وە گوایە دەرفەت بۆ ژنان ڕەخساوەو خۆیان دوودڵن! مەگەر ڕێ بە ژنانێك ئەدەن کە داب‌ونەریتی ئەوان‌و قانون‌و شەریعەت توڕ هەڵئەدەن‌و، بێنە سەرجادەکان‌و خۆپیشاندان بکەن‌و لەچکە دینی‌یە بەسەرداسەپێنراوەکانیان بسووتێنن؟! ئەکرێ لەو دەسەڵاتدارانە بپرسن بۆچی کە ئیسلامی‌یەکان هاوڕێیان قابیل‌و شاپوریان لەسەر مەسەلەی یەکسانی‌و ئازادی ژنان تیرۆرکرد، لەبری مەحکەمەکردنی ئەوان، بارەگای ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیان داخست؟ وە ڕێیان ئەدان فەتوای ژنان‌و پیاوانی یەکسانیخواز تەخشان‌و پەخشان بکەن؟ گەر کەسێك مێژووی ئەمان نەزانێ‌و گوێی لەم قسانە بێ، وا دەرئەکەوێ کە ئەوان هەموو دەرگاکانیان بە ڕووی ژناندا کردۆتەوە، ژنان ئازادن‌و یاسا بە قازانجیانەو سەرۆکی حکومەت لە پشتیانە، بەڵام ئەوە خۆیانن حەزیان لە خۆشاردنەوەیەو نایەنە مەیدان‌و کاریان بە یەکسانی‌و مافەکانیان نی‌یە! بە ڕاستی چ ڕوویەکتان هەیە کە نموونەی ئەو دەسەڵاتە بە نوێخواز بە ژنان ئەقەبڵێنن؟ ئەمە هەموو فێمینیزمەکەی مهاباد قەرەداغی‌یە.

ئەگەرچی ئەو خاڵانەی کە نێچیرەڤان باسیان ئەکات، هەندێ شتی ئیجابی تیایە، بەڵام بۆچی چەند ساڵە نەیانکردووە؟ کەس ڕێگریان بوو تا ئەوان "درێغی" بکەن لە گۆڕینی یاساکان؟ بەڵام دیارە کە ئەمەش بەشێکە لە تەبلیغات‌و هاژو هووژی پێش هەڵبژاردن‌و ئەم قسانە ناتوانێت مێژووی دژی ژنی ئەوان بشارێتەوە. گەر ئەو لیژنەیەش کە باسی ئەکات بۆ چاودێری مافەکانی ئافرەتان لە دام‌و دەزگا حکومی‌یەکاندا، پێك بێت ئەوا ئەبێت یەکەمین کەس لە خۆیان بپرسێتەوە بۆچی ئەو یاسا عەشیرەتی‌و خێڵەکی‌یانەتان بە سەر ژناندا فەرزکردووە! بە ڕاستی ڕێگەتان داوە تاکە یەك ئافرەتی خێڵەکەتان بێتە مەیدانی سیاسەت‌و کارو باری ڕێکخراوەیی‌یەوە؟

دوا ووتەم ڕوو بە مهابادەو پێی ئەڵێم، گەر چاوت کراوەیەو حەقیقەتی ئەو دەسەڵاتە دژی ژنەی ئەوان ئەبینیت‌و پاساوی بۆ ئەهێنیتەوە، خەریکی خۆت ئەکەیت بە شەریکی ئەوان‌و تاوانکاری‌یەك کە بەرامبەر بە ژنانی کوردستان ئەنجامیان داوە. بۆیە باشتر وایە "فێمینیزم"ەکەشت بپێچیتەوە.